منتدى إقرأ الثقافي
www.iqra.ahlamontada.com

فەقێی لادێ ٧

دانەر

مەلا مەجید عەزیز بندیان

منتدى إقرأ الثقافي
للكتب (كوردى - عربي - فارسي)
www.iqra.ahlamontada.com

پێش نوێژو وتار خوێن لە مزگەوتی کوران
مزگەوتی مەلا ڕەشید لە شەقامی ئەلبان

هەولێر ٢٠٠٦

فەقێی لادێ

دانەر
مەلا مەجید عەزیز/ بندیان
پێش نوێژو وتار خوین لەمزگەوتی کوران
مزگەوتی مەلا رەشید لەشەقامی ئەلبان
هەولێر

٢٠٠٦/١/١

له بەرهەمەكانی دانەر

١- گلەییو ئامۆژگاری

٢- بەئاسان حەج بكە

٣- مەولود نامەی كوردی بەكورتی

٤- فەقییی لادێ

٥- سەد چیرۆكی خۆش

پێشەکی

کڕنۆشــو ســوپاس بــۆزاتی یــەزدان
کــە ئیمــەی کــردە چــینی موســڵمان
تاقــــە توانــــاو زانینــــو زانــــا
لــە خــودا داواکــەین نەیــدا ئیمــان
خــوا دروســت کــەری ئــەرزو ئاسمانــە
خــوا خــاوەن گیــانی گیــان لەبەرانــە
چــیخودا بیکــا دەکریــو کرایــە
چــیخودا نــەیکا نــاکرێو نەکرایــە
ڕۆژەك دانیــشتبوم لەحوجرەکــەی خــۆم
خــەیالێکم کــرد لــەرابردوی خــۆم
خــۆمن فــەقێ بــوم فــەقیش نەمایــە
مەدرەســەو گونــدمان ویــران کرایــە
هەنــدەکی بکــەم باســی ئەوانــە

رابردوی فەقیو مەدرەسەکانە

ایتر خوا هینای بەهەلبەست لۆم هات

تادلم داکەت گەیشتمە ئاوات

باسی مەدرسە وفەقیو جومعانە

باسی ئیجازەو ڕاتبە هێنانە

باسی گەمانی ناو فەقێیانە

هەموو فۆل کلۆر نەك ئی ئەل ئانە

ایتر داواشم لە خوینەرانە

لیمان ببورن لە چەوتەکانە

بێکەم و کوڕی قەت نابی بەشەر

بیکەم و کوڕی خدای بانی سەر

مەدرەسەی فەقییان چییە

غورفـەك یـان دووان نزیـك مزگـەوت
دانیشتوی گوندی جوان ریکیـان دەخـست
مزگـەوت جیگـای خـوا پەرسـتانە
ئـەو دوغورفانـەش ئـی فەقیکانـە
چـەند موستەعیدو چـەند فـەقیی سـوختە
پیکـرا دەژیـان بـەریکو پوختـە
مامۆسـتا دەرسـی موسـتەعیدیەدا
موستەعیدوچـەند دەرسـی سـوختەکانیەدا
لـەپاش نـان خـواردن سـەر لەسـبەینان
دەرس دەخینـرا تانزیـك نیـوەڕان
بـەلام ئـەو کەسـەی ئەوانـەی دییـە
قـەت لـەیاد ناکـات تـامی کردیـە
باسـی خینـدنی فـەقێو مەدرەسـە

تـــەواو نابێـــت بەدوســـــیَ قـــسە

ئـــەوی دیتیتــــی ئـــەو لێزانایـــــە

وەك تەلـــەفزیۆن لـــەپێش چـــاومایە

بـــەو هـــەموی ســـەری دەڵـــین مەدرەســـە

پێناسمـــــان نوســـــی وابـــــزانم بەســـــە

دیـــسان دوبـــارە خوایـــە هـــاوارە

ســـەبەبی نـــەمان بتـــە ئـــاوارە

دەردەكـــی بگـــری هـــەر لـــەپیش چـــاومان

عـــومری درێـــژبی هەربەعـــەزاب دان

حـــوجرەو مزگـــەوتو تەكیـــەو خانـــەقا

هیـــچیان نەمانـــەپێم بكـــە بـــڕوا

لەگـــەل نـــەمانی ئـــەو پیرۆزانـــە

دیـــسان برواكـــە دیـــن لەنەمانـــە

یـــاخوا ســـەبەب كـــار بەزنـــدی چـــاوان

دەردەكـــی بگـــری بیكـــەی قورپێـــوان

ئـــای چـــەندە جوانبـــو لـــەزۆر گونـــدەكان

مامۆســـتای گـــەورە لەگـــەڵ فـــەقێیان

شـــێت ســـال پـــێش ئـــەبرۆ بـــرام بزانـــە

گەلـــەك لـــەباو بـــو ئـــەو ئێـــشە جوانـــە

بەرەبـــەر كزبـــو هـــەتا دووایـــی هـــات

هـــۆی كـــزی دیـــن بوتـــا ئـــەوهای لێهـــات

مەدرەســـەی فـــەقێ بـــەخێرو بێربـــو

ئـــەوی بیخێنـــدبا لـــەدینی شـــیربو

مەدرەســـەی دونیاهـــەبو ئەوكاتـــە

بـــەلام وەك ئێـــدین نـــەیبو حورمەتـــە

دەیـــانگۆ ئەمـــە بیـــدینی تییایـــە

خێنـــدنی فـــەقێ تـــەنها لۆخودایـــە

لەگـــەل شۆرشـــی چـــواردەی تـــەموزە

فـــەقیٚ زەعیـــف بـــون نـــەما ئـــەو ســـۆزە
لەچواردەی تـــەموز ســـالی پـــەنجاو هەشـــت
شۆرشـــێك كـــرا بـــەبیٚ حـــەوتو هەشـــت
نـــاو عبـــدالكريم ئـــەو شۆرشـــەی كـــرد
نوریـــو مـــەلیكو وەســـی لـــەناو بـــرد
لـــەپاش ئـــەو شۆرشـــە بـــرای پڕئیمـــان
دیـــن هاتـــە كـــزی بـــووە ئـــاخر زەمـــان
لەگونـــدی هـــەبو ســـیٚ ســـنفی جـــوان
مـــەلاو موســـتەعید ســـێیەم فـــەقێكان
هـــەموڕۆژ دەبـــا بخیـــنن دەرس
هیـــچمان لـــەو دەرســـە نـــەدەبون ورس
تـــەنها رۆژانـــی جمعـــەو سێـــشەمان
دەرســـمان نەدەخینـــد پـــشوبو لایـــان
لەگـــەل خـــەلكی گوندگـــەمانیان دەكـــرد

ئــە دورِۆژەیــان خــۆش بەســەر دەبــرد

گــەمانێك شــەوان لــەپاش مــەغریبان•

گــەنجان دەهــاتن لــۆلای فــەقییان

تاشــایی بکــەن عــادەت ئــەوهابو

فەقێوگونجــەکان گــشت تێکــەڵ دەبــو

شــاییان دەکــرد لــۆ دلی خوێــن

نەغــەم نەشــەیتان نــەبو لــەو عــەردان

تامــاوەکی زۆر ئــەو کەنــەدەکرا

قــەت عاجزنــابون لەفــەقێو مــەلا

چــونکە فــەقێکان گــەورەبون لای خــوا

لــوی حورمــەتیان زۆر چــاك دەگــیرا

دەیــانگۆ فریــشتە باڵیــان ڕادەخــەن

طالــب العلــم لــۆ خینــدن دەبــەن

ئــەو عەقیدانــە کەپیــشان هــەبو

ئێــــسته نەمایـــــە بــــەرەو روخـــــان چـــو
یــــــاخوا بڕوایـــــــی بگەرێتـــــــــەوە
دینــــــی ئیــــــسلامی بگەشـــــێتەوە
گـــــەمانی دووەم: تۆپـــانێ هـــەبو
جفـــزەك دەكــــرا خـــڕ مـــــدوەر بـــو
گـــەنجو فـــەقێیان دەبونـــە دولـــەت
یـــەك لەناوجفزەیـــەك لـــەدەری خـــەت
تۆپیـــان هەلـدەدا هەركـــەس لـۆئی خـۆی
جالێكیـــان دەدا ئـــەو كـــات ئـــەوها بـــو
هـــیچ جـــۆری دیكــــە تۆپـــانێ نـــەبو
هـــــیچ جــــۆری تــــونی بـــــــەبو
گـــەمانی سـێیەم: كیلــە بەردانــە
دەچـــــونە ئاقــــــار لۆئەوگەمانـــــــە
ســـێ كێـــل لەلایـــەك لەگـــەل یـــەك مـــەلا

لەلای دیکەش ئەوها دادەنرا

مەسافەی بەینیان دەمەتر کەمتر

قەت لەدەمەتری نابو زیاتر

هەرکەس نۆرەی خۆی بەردی تیدەگرت

جاروابوکیلو مەلای گشت دەخست

کاملا هەموی کەت ئەولادوڕابە

سەرکەوتو لۆلای دیکە نوسرایە

ژیانی فەقیکان لە گوندا

کاکـــە ژیـــانی فـــەقێ لۆگونـــدان
ئـــەوا لـــۆت دەلـــێم بێزیـــادو نوقـــسان
ژیـــانی رۆژیـــان لەســـەر ڕاتبـــە بـــو
ئـــــەوها مەشـــــورە نـــــاوی لێنـــــدرابو
ســـێجەمدەگەڕان لـــەو مـــار لۆئـــەو مـــار
لەوگونـــدەی لیبـــون فـــەقیی هـــەرزەکار
ســـــبەینان نـــــانو ماســـــتیان دەینـــــاوە
نیوارانـــــان نـــــانی بەهیـــــشکی بـــــاوە
ئـــەوە بـــو ژیـــان ئـــی فەقێیـــەکان
بـــرام بـــەم جـــۆرە دەبـــو نەســـەلا
مـــەلای گەلـــەك چـــاك پـــێم بكـــە بـــڕوا
تـــاعومری بـــست ســـال خنـــدیان دەكـــرد

ئــــەوی پیویـــــست بـــو تـــەواویان دەکـــرد
زۆر چـــاك فێردەبـــون ئـــی دوازدەعیلمـــان
دەهـــــــات میعــــــادی ئیجازەدانیـــــــان

ئیجازه چییه

لـــەپاش تـــەواوی گـــشت ئـــەو عیلمانـــە
کەوامەبەســـــت بـــــو لـــــەفێر بونیانــــــە
بەسەرپەرشـــــتی مامۆســـــتای گـــــەورە
ئاهـــەنگ ڕێـــك دەخـــرا لـــەبۆ ئـــەوکارە
مامۆســـتای گـــەورە زۆر مانـــدی دەبـــو
بەخرِکردنـــــەوەو بـــــڕۆ هـــــاتوو چـــــوو
مـــەلای دەورو بـــەر هـــەم پیـــاو مـــاقولان
گـــشت حـــازر دەبـــون لۆئاهـــەنگ گـــیران
ئەغلەب ئاغای گوند ئـەو خێـرەی دەکـرد
مەســـرەفی ئاهـــەنگ بەتـــەنیا دەیکـــرد
لـەپاش نـان خـواردن مامۆسـتای بـەڕێز
خودبـــەکی دەدا خودبـــەکی بـــەپێز
تایبـــــەت باســـــیەکرد ئەومامۆســـــتایە

کەئاهەنگەکـــــە لـــۆی گیرڕدرایـــــە
دەی فـــەرمو فـــلان عیلمـــی تـــەواوە
وابــــووە مــــــەلا ئیجـــــازەی دراوە
خـــەلك دەیزانـــی ئـــەو مامۆســـتایە
وابـــو بەمـــــەلا هیـــچی نەمایـــــە
ئـــــەوها بـــو پێــــشان ئیجازەدانــــە
باگـــــشت بـــــزانن لەکوردســـــتانە

ژیانی مەلای گوندی

ژیـــانی مـــــەلا ســــەرفیترەو زەکـــات
خـــەلکی گونـــد دەیـــدا بەهاتونـــەهات
ژیـــان تـــأمین بولەوگونـــدەی لیـــە
دانیـــشتوی گونـــدان زۆریـــان بەجێیـــە
بەتایبـــەت ئاغـــا ئـــەو کـــات ئـــەهابو
چـــاوی لەمـــەلاو لەفـــەقیان بـــو
زیـــاتر لەپێویـــست دەیـــدان ئیـــدارە
خزمـــەتی مـــەلاو فقـــی نـــازدارە
ئاغادەســـت ڕۆبـــو خـــەلکانیش فـــەقیر
هەربـــەوی دەکـــرا تیمـــارو تـــەکبیر
رزقـــی ماموٚســـتاو فـــەقیٚ ئـــەوهابو
نـــالێم دەرۆزە بـــەس زۆری پێدەچـــو
لەســـەر ئـــەو حاڵـــەش ماموٚســـتای دیـــار

لێیـــان دەردەچـــو زانـــاو عـــیلم دار
ئێـستەش ئـەو مـەلای هەیـە باشـەکان
ئێئـــەو کاتیـــە برواکـــە پێمـــان
مـــەلای ئێـــستاکە گەلـــەك ئاســانە
مـــاوەك بخێـــنن دەلـــێن مەلانـــە
خێنـــدنیش کەمـــە خێبرەشـــی کەمـــە
بەجوبـــەو میـــزردە لێـــی ڕۆســـتەمە
خوتبـــەی دەخێنـــی دەلێـــی بلبلـــە
لـــەقولی شـــەرع زۆر تەوەزەلـــە

خاتری مەلای گوندی

خــاتری مــەلای گونــدی زۆر زۆر دەگــیرا
خاتریـــــان زۆر بــــو بڕواکـــــه بــــڕوا
لەتـــەرەف ئاغـــاو لەتـــەرەف ئـــەختیار
لەتـــــەرەف ژنــــو لەتـــــەرەف منــــدار
ئیـــــشەکی هـــــەبا بـــــە زۆران زەلام
دەهاتنـــــە کنـــــی دەیـــــانکرد ســـەلام
ئیـــشەکەت چـــییە هۆمامۆســـتا گیـــان
تالـــەبۆت بکـــەین بەســـەر دوچـــاوان
ئیـــشەکەت بلـــێ تالـــەبۆت بکـــەین
غـــەمی لـــەدلت ئیـــستە دەربکـــەین
نـــابی عـــاجز بـــی مامۆســـتای شـــیرین
تالـــەو گونـــدەبی گـــشت خزمـــەتکارین
ایـــتر بـــەم جـــۆرە بـــەجۆرەهای جـــۆر

خزمـــەتی دەکـــرا باشـــو بـــێ قـــسور

خـــدا رەحمکـــا بەخـــەلکی گونـــدان

کەئـــەوها چـــاك بـــون لۆماموٚســـتایان

بـــەنانی گونـــدان فەقێومـــەلای چـــاك

ئامـــادە کـــراوون قـــەت نـــەبن غـــەمناك

یـــاخوا ئـــەو گونـــدەی لەکوردســـتانە

چـــاك بکرێتـــەوە وەکـــو جارانـــە

بەمـــەلاو بەفـــەقیٚ بەمزگەوتـــەوە

چـــاکتر لـــەجاران ببنرێتـــەوە

ماموٚســـتای ئـــایین رێ نیـــشاندەرٚی

ئـــەتو وەکـــی پـــاش پێغەمبـــەری

لـــۆیێ خـــاتری تـــو ئـــەوها گیرایـــە

شـــەرعی خـــۆت دەلیـــی کـــارت رەوایـــە

رێگامنیـــشاندە مەترســـە لەکـــەس

شـەرعی خـۆت بڵـی بـەبێ زیـادو بـەس
ئاگـات لـەخۆت بـی مـادام پێـشەوانی
نەکـەی بـێ ئـەمری پێغەمبـەر روخـاوی
نـابی مننـەتی هـیچ کـەس بزانـی
لەکـەس مەترسـێ لـەدونیای فـانی
چـاومەتروکێنە لای هـیچ پاشـایە
تانـەلێن مـەلا لـەرێی لادایـە
ایـتر ئەوەیـە راسـتیو ڕاسـتەکە
پلـەت زۆر بـەرزە قـەت نزمـی مەکـە
هـەر پێمـان بلـی هـەتا هەتایـە
هـەر سوددەبەخـشی بـەبێ نیهایـە
قـەت مـەیێ خـواریێ لەسـەر پێگونـت
لـەو ڕێیـە لادەی لـێم دەبیـە دوشمـن

جمعانه چییه

لەومرزی بوارو لەومرزی هاوین لەبەردەست کورتیو

نەبونی عادەتونەریت ئەوهابو لەناو فەقێیان لـەو

دووەرزەدەبایە بچنە جومعان لۆبەرگو لۆکتێبکڕین

وتاکو پێویستی خۆیان پێدا بین بکەن ناچـار دەچـونە جومعانـە

لــەوەرزی بــەهار چــەند فــەقێی نــازدار

وێکـــــرا دەڕۆیـــــین لۆدەشـــــتو ڕەشمـــــار

بەبۆجومعانـــــــە شـــــــتێ پەیاکـــــــەت

بـــەرگو کتێبـــی لۆخـــۆ دابـــین کـــەن

دەچـــونە جێیـــەك ڕەشمـــاری لێیـــە

ڕەشمـــــار بـــــەڕەشمار میـــوان فەقێیـــە

ســـــەلامیان دەکـــــرد لیدادەنیـــــشتن

لەپاش چـاخواردن یـەك دەیکـۆ هەسـتن

بەلام خاوەن مار زۆر شارەزایە
هاتنی فەقێ لەدڵی دایە
دەیزانی هاتنیان لۆپارەو پولە
دەیزانی فەقێ گەلەك مەلولە
کەدەستی دەبرد لەبۆ گیرفانی
دەیهینادەرێ ئەو پارەی جوانی
پێشکەشی دەکرد لەبۆ فەقێکان
دەیگۆت ئازاد بی گەردنی گشتان
بەگێرەی نەفەر دەیدانێ پارە
چونکە دەیزانی فەقێ نازدارە
تاچەند رۆژ ئەوها ئیشوکاریان بو
تادەست کەوتویان موناسب بو
لەوەرزی بەهار دوجار سێجاران
لەبۆ پارەو پول ئەوها دەگەڕان

وەرزی هاوین

کــــەهاوین دەهـــات دیـــسان دوبـــارە
جـــارەکو دووســـیٚ دەکـــرا ئـــەوکارە
لـــەبۆ گـــەنموجۆ لـــەوەرزی هـــاوین
ئـــەوکارە دەکـــرا بابـــاش بـــزانن
جـۆخین بـەجۆخین جـۆبی یـان گـەنم
دەچـــونە ســـەری نـابی کـەت شـــەرم
دەیـــانگۆ فـــەقێن هـــاتن بۆزەکـــات
خێرمـان پـیٚ بکـەن چـیدڵتان دەیـدات
تـــاخلاس دەبـــو ئەوگونـــدەی چـــوینە
کۆمـــەلیان دەکـــرد لەســـەر جۆخینـــە
کرِیـــارەك دەهـــات لـــۆلای فـــەقێکان
هـــەموی لێـــدەکرِین گـــرانتر لـــەدەغلان
وەکوئەوگونـــدە لۆگونـــدی دیکـــەش

ئەوهایان دەکـرد گـشتیان دەکـرد بـەش
تەعــــەجوب مەكــــەن ئەلــــەو ئیـــشانە
نــــــەبونی پیـــــسەوگەلەك بەژانـــــــە
لــــەناو فــــەقێیان بێكــــەك نەبوایــــە
بــــەهاوین گــــەرماو جــــستان ســــەرمایە
نەبــــەرۆا هــــەیبو بــــەرگ لەبــــەرکا
نەبەشــــەو هــــەیبو خــــۆی تــــی ســــترکا
وادەبــــو لۆنــــاو خۆشــــناوان دەچــــون
لۆپــــەیاکردنی چەندئیــــشە تــــوتن
کــــەکۆیان دەکــــرد فــــەردەك دووان
غــــەمیان دەهــــاتیّ لــــەویّ نافرۆشــــران
دەبــــا بێتــــەوە بەرێگــــــەی دزان
ئــــەویش یــــان دەهــــات یانــــەدەگیران
ایــــتر ئــــەو هــــەمو جومعــــەو جومعانــــە

ئــــــەو هەمومانــــــدیبونو گەڕانــــــە
گـــشتی لـــەپیناو پـــارە لەگـــەل پـــول
تانـــەبوی نـــەبن نـــەبن زۆر مـــەلول
ئیـــشی فـــەقێکان بەوچـــەند پارانـــە
هـــەموی پێکـــدەهات زۆر چـــاك بزانـــە
مـــن لـــۆیێ دەلـــێم خـــوای گـــەورە هـــاوار
دانیـــشتوی گونـــدان گـــشت بگـــرن قـــەرار
گونـــدی ئـــەوها چـــاك ئەوخێرکەرانـــە
هـــەمویان تیکـــدا کردیـــان ویرانـــە
یـــاخوا ســـەبەبکار لۆئـــەو گوندانـــە
مالـــت ویـــران بـــی لەســـەر جیهانـــە
دەردەکـــەت تـــوش بـــی وەکـــو ســـەرەتان
لـــەهیج جیگایـــەك نـــەتبیتن دەرمـــان
کـــوت لەمـــەتیك داخـــانیوو هیلانـــە

ئێمـــەت هــــەلفران وەك تـــەیری لانـــە

کــوت واوێــران کــرد تەکیــە مزگــەوتان

کودەســـتت چـــوە خانیـیـــە ئیمـــان

ئەوانـــە هـــەمو دـیچ نـــاکرێ باســـی

بـــەس خـــدای گـــەورە لـــەتۆ دەپرســـی

یـــــاخوا فــــەقێیان بگەڕێنـــــەوە

بەخزمـــــەتی جـــــوان بگەشـــــینەوە

تابەرەکــــــەتی ئــــــەو کوردســــــتانە

بگەڕێتـــــەوە دۆخـــــی جارانـــــە

ئێـــستە فـــەقییان زنـــدی بوینـــەوە

لەشـــاری هـــەولێر پـــەیا بوینـــەوە

جیگایـــان هەیـــە لەمزگەوتـــەکان

جیگـــا لۆخینـــدن رێکـــو پێکـــو جـــوان

هـــيچ پيويـــستيان بەگـــەران نيـــە
بـــەرگو معاشـــيان لەســـەر ميرييـــە
خينـــدن تەواوكـــەن زو دەگەنـــە نـــان
وەك پێـــشان نيـــە بـــچن لـــۆ گونـــدان
چـــونكە خينـــدنيان زۆر نيزامييـــە
ئاوقـــافی هـــەولێر ئاوهـــای كردييـــە
وەزارەی ئـــەوقاف ئاگـــای ليانـــە
خزمـــەتيان دەكـــا زۆر بەمەردانـــە
بـــەلام هيـــشتاكە مـــايتی زيـــاتر
جيگـــای خينـــدنيان لۆبكـــا زۆرتـــر
چـــاوی ليـــان بـــی بـــەجۆرەهای جـــۆر
هـــەتا مامۆســـتای ئـــايين بـــبن زۆر
نـــەمانو ڕوخـــانی چـــينی فـــەقييان
لـــەيادمان بـــچی بەخزمـــەتی جـــوان

ایــــتر لـــــەدواین تکـــــاو داواکـــــەم

لـــۆدل نـــەرمیتان لـــەخودا دەکـــەم

ئەوکاتانەی نوێژی سوننەتی بێهۆی تێدا ناکرێ

چـــەندکاتمان هـەیـــە بـــەرۆژو شـــەوێ
ســـونەتی بیهـــۆ نـــاکرێتن لـــەوێ
لـــەو چـــەندکاتانە ســونەت بـــەبێ هـــۆ
بـــشکەی خێرنییـــە مەیکـــە غـــەم مـــەخۆ
پـــاش نویـــژی ســـوبح هـــەتا رۆژ هەڵـــدێ
کـــەرۆژیش هـــەلات تامەترەکـــدەردێ
لـــەکاتی زەوال ناوەنـــدی نیـــوڕان
لەهـــەموڕۆژان بـــەس ڕۆژی جمعـــان
لەپاشـــی عەســـر هـــەتا ئێـــوارە
تـــاڕۆژ ئـــاوابون نـــاکرێ ئـــەوکارە
بـــەلام ســـوننەتێك نـــاوەکی پێـــوە
لەگـــشت کـــات بیکـــە هـــیچ مەگـــەڕێوە

سـەلامی مزگـەوت سـوننەتی نوێـژان
وەك نوێـژی مـەیت نوێـژی جێژنـەكان
سـوننەتی دیكـە وەكـو ئەوانـە
هـەمویان دەكـرێن لەگـشت كاتانـە
تـەواو لـەبۆتۆ بەكوردیمنوسـی
تاپێـدا بـڕۆی لەكـەس نەپرسـی
بـالیرە بـێتن كۆتـاییو دوایـی
باسـی مامۆسـتاو فـەقێی بـەرایی
لەبۆیـە نوسـیم چـونكە بەداخـە
نـەمانی فـەقی بـەئۆفو ئاخـە
داوام لەخوایـە هـەروەكوجاران
بگەرێنـەوە لـۆ گونـدو شـاران
حكومـەتی بـەرێز چـاكی پێـدەكریٚ
مەسـرەفیان بـدا وانـەبی نـاكری

خــــەلكانی ئیـــــستەش تۆزەكگۆڕایــــــە
ئێـــــستە وەك پێـــشان رەحـــم نەمایــــە
جاداواكـــــارین لەحكومــــــەتی كــــورد
بكەوتــــەوە خــــۆ ئـــازادە ســــتو بـــرد
فـــەقییان زیـــاد كـــا بیانـــدا پێویــــست
لۆخزمـــــەتی بـــاش هــــیچ رانەوەســـتی
بــــەرگو پۆشـــاكیان ســـاڵی دوجـــاران
جوبـــــەو پــــشدێنو مەنـــدیلی ســــەریان
لۆیـــان دابـــین كـــا دلیـــان پێخۆشـــە
خینـــدنیان دەكـــەن بەگـــەرمو جۆشـــە
لەگـــەل جیێگـــای بـــاش جیێگـــا بۆنوســـتن
لـــۆوان دەریـــی شـــار دیـــن لـــەبۆ خینـــدن
لەگــــەل راتبیێــــك نـــــەزۆرو نەكــــەم
باســــەر بلنـــد بـــن هـــەردو چـــاوەكەم

فـــــەقێ دوبـــــارە لەخوامداوایـــــە

لـــــەدوعامزیاد تـــــر دەکریـــــو کرایـــــە

ژمارەی سپاردن (٣٢٤) ساڵی ٢٠٠٦